# یادی خوا

## ( ذكر الله )

**ئامادەكردنی**

**زریان أمین محمود**

**مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

==========================================

.إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له .وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ [آل عمران : ١٠٢] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾ [النساء : ١]

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيداً ۰ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾ [الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١ ] .

أما بعد :فإن خير الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمدٍ (ﷺ) وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالةٍ في النار ، وبعد ...

**یادی خوا** ( ذكر الله )

زۆرن ئەو نیعمەتانەی كەخوای پەروەردگار بەسەر خەڵكیدا ڕشتوونی بەشێوەیەك كەژماردەو حیساب كردنیان لـەتوانای هـیچ كەسێكدا نییە و خوای پەروەردگاریش لەو بارەیەوە دەفەرموێت ﴿وآتاكُم من كُل ما سأَلْتموه وإن تعدواْ نعمت اللّهِ لاَ تحصوها إِن الإِنسانَ لَظَلُوم كَفار ﴾ سورة إبراهيم (٣٤). واتە : ئەگەر نیعمەتەكانی خوا بژمێرن ئەوا لە ئەژمار نایەن بەڵام لەگەورەترین و پایەدارترینی ئەو نیعمەتانە نیعمەتی ئیمان و پابەند بوونە بەئیسلامەوە كەخوای گـەورە بەفـەزڵ و حیكمـەت و میهرەبـانی خۆی كۆمەڵێكی پێ تایبەت كردووە بەدرێژایی تێبەڕبوونی سەردەم و زەمان

﴿ومن يطِعِ اللّه والرسولَ فَأُولَئك مع الذِين أنعم اللّه علَيهم من النِبيين والصديِقين والشهداء والصالِحِين وحسن أُولَئك رفِيقًا * ذَلِك الْفَضلُ مِن اللّهِ وكَفَى بِاللّهِ علِيما﴾ النساء ٦٩-٧٠ .

واتە : هەر كەسێك فەرمانی خواو فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) بكات ئەوا لەگەڵ ئەو كەسانەیە كە خوای گەورە نیعمەتی پێ داوون كەبریتین لە(پێغەمبەران و حەقگۆیان و شەهیدان و پیاوچاكان وەئەوانەش هاوەڵ و هاونیشینێكی چاكن ، وەئەمەش

(واتە ئەم گوێڕایەڵی و پەیڕەوکردنە خواو پێغەمبەر (ﷺ) فەزڵێکە لەلایەن خواوە بەسیشە بۆ ئەو کەزانایە بە هەموو شتێك وەهەر ئەویش زانایە بەوەی کێ شایانی هیدایەت و ڕێنماییە ) .

ئەرك و واجبی سەرشانی موسڵمانیش لەحاستی ئەو ڕێنمونی کردن و هیدایەت و ئیمانەدا کەخوا پێی بەخشیوە ئەوەیە کەسوپاسی خوا بکات لەسەر ئەو نیعمەتانەو دانی پێدا بنێت و پێی بزانێت بە شێوەیەك کەزۆربەی کات بەیاد و شوکر و عیبادەتی خواوە خەریك بێت لەکەسانی غافڵ و سپڵەو نەزان نەبێت ، ڕاستگێڕی ئەم قسانەش لەمانای ئەم ئاتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت

﴿كما أرسلنا فيكم رسولاً منكم يتلو عليكم آياتنا ويزكيكم ويعلمكم الكتاب والحكمة ويعلمكم ما لم تكونوا تعلمون * فاذكروني أذكركم واشكروا لي ولا تكفرون﴾

خوای گەورە بەبیر بەندە بڕوادارەکانی خۆی دەهێنێتەوە " هەروەك چۆن ئێمە پێغەمبەرێکمان نارد لەخۆتان کەئایەتەکانی ئێمەتان بۆبخوێنێتەوە و پاکتان بکاتەوە (لەهاوبەشدانان و خوو و ڕەوشتی خراپ و کردەوەی نەفامی ، وەهیدایەتی دان لەهەموو ئەم تارییکییانەوە بۆ ڕووناکی ئیمان و ئیسلام " وەقورئان و سوننەت و ئەوەی کەنایزانن فێرتان بکات ، کەوابوو لەبەرامبەریدا ئێوەش یادم بکەن تامنیش یادتان بکەم وەسوپاسم بکەن و (بەغەفڵەت و لەبیربردنەوە) ناشکوریم مەکەن ) .

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوەڵامی ئەو پیاوەدا کەداوای لێ کرد (سوننەت و کارە خێرەکانی ئیسلام زۆرن و کۆ بوونەتەوە لەسەرم فێری شتێکم بکە دەستی پێوە بگرم و بەردەوام بم لەسەری )

فەرمووی " لایزال لسانك رطباً من ذكر الله " ([1]) واتە : با هەمیشە زمانپاراو بین بەیادی خوا .

لێرەوە گرنگیی و پێویستی ئەو باسەمان بۆ دەرئەکەوێ بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا ، کۆکردنەوەو خۆش ویستنی ماڵ و سامان و خەریکبوون پێوەی بووەتە خەمی خەڵکی و غافڵ بوون و پشت هەڵکردن لەیادی خوا دیاردەیەکی ئاشکراو بەرچاوی ئەم سەردەمەیەو باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگای موسڵماندا و نکوڵی لێ ناکرێت ، ئێمەش سەبارەت بەو دیاردەیەو وەبۆ ڕونکردنەوە دوو تێبینی دەخەینە ڕوو :

**یەکەم** / لەتەرازووی عەدلی خوای گەورەدا ئەمانە دانانێکی پێچەوانەن مەبەست ئەوەی ئەمڕۆ لای خەڵکی بایەخدار و بەنرخ و گرنگە لەڕاستیدا بێ بایەخ و بڕاوەو بێ نرخە ، وەبە پێچەوانەشەوە ئەوەی دووریان لێ گرتووەو پشتیان تێ کردووەو لەبیریان چووەتەوە مایەی پاداشت و ئەمان و ڕازی بوونی خوایە ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ما عندكم ينفد وما عند الله باق﴾([2])

واتە : هەموو ئەو شتانەی لای ئێوە هەیە لەماڵی دونیاو سەروەت و سامان لەناو دەچێو ڕوو لەکۆتایە ، وەئەوەی لای خوایە لەپاداشت و بەهەشت و نیعمەتەکانی دەمێنێتەوەو نەبڕاوەیە ، وەهەروەها دەفەرموێت ﴿يا أيها الذين آمنوا لا تلهكم أموالكم ولا أولادكم عن ذكر الله ومن يفعل ذلك فأولئك هم الخاسرون﴾([3]) واتە : ئەی کۆمەڵی بڕواداران بامال و منداڵەکانتان بێ ئاگاتان نەکات لەیادی خوا وەهەرکەسێك وابکات ئەوا لەخەسارەت مەندانە ، زەرەرمەندیش ئەو کەسەیە لای خوا خەساری کردبێت ، وەهەرکەسێك لەگەڵ ئایەت و فەرمانەکانی خوادا نەچڵەکێ و لەسزاو توڕەبوونی خوا نەترسێت لەڕۆژێکدا دادەچڵەکێت کەهیچ پەناو پشتێکی نییە .

---

[1] / صحيح الجامع الصغير (حديث رقم) ٧٧٠٠

[2] / النحل ٩٦

[3] / المنافقون ٩

**دووەم /** کەم زیکرکردن و لەبیرچوونی یادی خوا یەکێکە لەسیفەتی مونافیقان کەخوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت ﴿.....یرآؤونَ الناس ولاَ یذْکُرونَ اللّهـإلا قَِلیلاً﴾ (٤) واتە : ڕووپامایی بۆ خەڵکی دەکەن و یادی خوا ناکەن مەگەر بەکەمی نەبێت .

وەهەروەها لەسورەتی (المجادلة) ئایەتی ١٩ دا دەفەرموێت ﴿استحوذَ علَیهم الشیطَانُ فَأنساهم ذِکْـر اللـهِ .......﴾ واتە : شەیتان زاڵ بوو بەسەر یاندا یادی خوای لە بیربردونەتەوە ، بڕوا دارانیش نەهی یان لێ کراوە کە لەم سیفەتەو هیچ ئاکارو گوفتارێکدا بەمونافیقان بچن ﴿ولَا تکُونوا کَالذِین نسوا الله فَأنساهم أنفُسهم أُولَئِك هم الْفَاسِقُونَ﴾(٥) هەروەها دەفەرموێت ﴿ نسواْ اللّه فَنسِیهم ﴾(٦) کەواتە دوو سزا چاوەڕوانی ئەوکەسانە دەکات کە هەڵگری ئەو سیفەتەن :

یەکەم / خوای گەورە ئەو کەسانە لە بیردەکات و ئیهما لیان دەکات و بە جێ یان دێڵێت بەرەو هەڵدێرو زایە بوون دەچن ٠

دووەم / خۆیان لە بیردەچێت بە لەبیر چوونی بەرژەوەندی و هۆیەکانی بەختەوەری لە دوونیاو قیامەت وەهەروەها هەست بەعەیب و کەم وکوریەکانی خۆیان ناکەن و هەوڵ نادەن بۆچارەسەرکردنی ٠

## تێگەشتن لە مانای ( الذکر) – حقیقة الذکر –

الذکر/هو مایجری علی اللسان والقلب من تسبیح الله تعالی وتنریهة وحمدة والثناء علیة و وصفة بصفات ابکمال ونعوت الجمال (٧)

هەر ووتەیەکی زمان و دڵ کەدەلالەت بکات لەپاکی و بەر زی و سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگارو وەسف کردنی ئەوبێت بەو سیفەت و خاسیەتە بێ کەم وکوڕی و تەواوانە و ناوبردنی ئەو بێت بەو ناوە جوانانەی کەشایانی خۆیەتی بریتیە لەیادی خوا .

مانا بنەڕەتییەکەی زیکرە کەخوێندنی هەموو ئەو ویردوو دووعاو ئەزکارانە دەگرێتەوە کەلە پێغەمبەرەو(ﷺ) بۆمان ماوەتەوە ، ژیانی پڕ خێرو بەرەکەتی پێغەمبەر یشمان(ﷺ) پڕیەتی لەو زیکرو دوعایانە بۆهەرکەسێك کەبیەوێت وەك ئەو یادی خوابکات بەڵام بەمانایەکی فراوانتر هەموو پەرستنە کانی وەك ( نوێژو ڕۆژو حەج وقورئان خوێندن و فێربوونی زانستی شەرعی ، باس کردنی حەڵاڵ و حەرام و.... هتد بریتین لەیادی خوا بەڵکو لەمەش زیاتر مەبەستی سەرەکیو نهێنی گەورە لەجێ بەجێ کردنی ئەم پەرستنانەدا بەرپابوونی یادی خوایە هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ إنما جعل الطواف بالبیت والسعي بین الصفا و المروة ورمی الجمار لإقامة ذکرالله﴾ (٨) هەروەها خوای گەورە لە گفتووگۆ کردندا لەگەڵ مووسادا (عليه السلام) پێی فەرموو ﴿ .... وأَقِمِ الصلَاةَ لِذکْرِي﴾ طه ١٤ / واتە : نوێژ بکە بۆئەوەی یادی منت بیربکەوێتەوە ٠ عەبدوڵای کوری مەسعود خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت ﴿ما دمت تذکر الله فأنت في الصلاة وان کنت في السوق ﴾ (٩) واتە: ئەگەر بەردەوام بیت لە زیکری خوا ئەوا تۆلە نوێژدای ئەگەر لەبازاڕیش بیت ٠چونکە قسە کردن بۆ هیچ کەسێك سەنگی مەحەك نییە تا کردەوەی لەگەڵ نەبێت وەخوای گەورەش وەری ناگرێت ، (لە ئیمامی عومەریان پرسی چی دەڵێیت دەربارەی کەسێکی زیناکەر و مەی خۆر و فاسق ، کەزیکری خوا بکات فەرمووی هەتا ئەو ناوی خوا ببات خوای گەورەش بەلەعنەتی دەکات هەتا بێ دەنگ دەبێت) (١٠) ، ئیمام حەسەنی بەسری ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت (چەشتنی شیرینی

---

٤ / النساء ١٤٣

٥ / الحشر ١٩

٦ / التوبة ٦٧

٧ / فقه السنة ٠

٨ / حدیث صحیح رواة أبو داود في السنن ( ٢ / ١٧٩ )

٩ / اقتضاء الصراط المستقیم .

١٠ /تفسیر ابن کثیر .

عیبادەت کردن لەسێ شتدایە نوێژ و یادکردنی خواو قورئان خوێندن) ، ئەگەر هەستتان بەو شیرینییە کرد ..... دەنا بزانن ئەو دەرگایە داخراوە (١١) .لەڕووی جۆری پلە کانییەوە زانایان دەیکەن بەسێ بەشەوە :

**یەکەمیان** / یادکردنی خوا بەزوبان لەکاتێکدا دڵ و هۆشی لای شتێکی تر بێت .

**دووەمیان** / یادکردنی بەدڵ ، بەبیرکردنەوە و وردبوونەوە لەبالأدەست و چاکەکاری و نیشانە و ئایەتەکانی خوای گەورە ، ئەمەیان لەجۆری یەکەم باشترەو یادکردنیش بەزوبان لەبێدەنگی باشترە و لەهەردووکیان باشتریش جۆری سێیەمە کەکۆبوونەوەی ، دڵ وزمانە لەسەر زیکر کردن لە یەك کات دا خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمێت ﴿إِن نَاشِئَةَ اللَّيلِ هِـي أَشد وطْءًا وأَقْومِ قِيلًا﴾ (١٢) واتە : هەستانی شەو باشترە بۆ پەیوەندبوونی دڵ وزوبان لەکاتی نوێژکردن وقورئان خوێندندا ( گرنگی و فەزڵی یادکردنی خوا لەقورئا ن وسوننەت دا )لەزۆر شوێن و جێگەلە قورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار فەرمانی داوە بە بڕواداران پەیوەست بن بەیادی خواوە،٠ مژدەو لێ بوردن وپاداشتێکی زۆریشی بڕیارداوە بۆ ئەو کەسانەی کەیادی خوایان کردووە بەپیشەو خووی ڕۆژانەیان ویادی خوا دەکەن بەیادکردنێکی زۆر ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو ئایەت و فەرموودانە:

**یەکەم** /﴿يا أَيها الَّذِين آمنوا اذْكُروا الله ذِكْراً كَثِيراً * وسبحوه بكْرةً وأَصِيلاً﴾(١٣). واتە: ئەی ئە وانەی کەبڕواتان هێناوە یادی خوا بکەن بەیادکردنێکی وەپاك وبێگەردی ئەو بڵێن (تسبيحات) لەسەرەتای ڕۆژگار و کۆتاییەکەیدا (واتا : بەیانیان و ئێواران ) . عەبدوللای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێت لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت : (إنّ الله تعالى لم يفرض على عباده فريضة الا جعل لها حدّاً معلوماً ثمّ عذّر أهلها في حال الذر غير الذكر فانّ الله تعالى لم يجعل له حدّاً ينتهي اليه ولم يعذر أحداً في تركه الا مغلوباً على تركه فقال ﴿واذكروا الله قياماً وقعوداً وعلى جنوبكم ﴾ باليل والنهار في البرّ والبحر والسفر والحضر والغنى والفقر والسقم والصحة والسرّ والعلانية ، وعلى كلّ حالٍ ) .

واتە : خوای گەورە هیچ فەرزێکی لەسەر بەندەکانی فەرز نەکردووە کەسنورێکی دیاریکراوی بۆ دانابێت وەلەکاتی هەبوونی دەستپێچ (عذر) دا ڕووخسەتی پێداوون جگە لەیادی خوا کەخوای گەورە هیچ سنورێکی بۆ دانەناوە کەلەو سنورەدا کۆتایی پێبێت ، وەهەرکەسێت وازی لێ بهێنێت هیچ ڕووخسەت و بیانووەیەکی بۆ نییە کەدەفەرموێت (یادی خوا بکەن بەوەستان و دانیشتن و وەلەسەر جێگەو بەپاڵکەوتنەوە ) بەشەوو ڕۆژ لەووشکانی و لەناو ئاودا ، لەسەفەر و ئامادەبووندا ، هەژاربن یان دەوڵەمەند ، بەساغی و نەخۆشی ، بەئاشکراو پەنهانی و لەهەموو حاڵەتێکدا ) (١٤)

**دووەم** / لەهەمان سورەت و ئایەتی (٣٥)دا خوای گەورە سەبارەت بەمەدح و پاداشتی ئەو کەسانە دەفەرموێ﴿ ...... والذاكِرِين الله كَثِيراً والذاكِراتِ أَعد الله لَهم مغفِرةً وأَجراً عظِيماً﴾

واتە : پیاوان و ژنانێ کەزۆر یادی خوا دەکەن ، خوا لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەی بۆ هەموویان ئامادە کردووە ، پرسیار کرا لەئیبن صلاح ڕەحمەتی خوای لێبێت لەو ئەندازەیەی کە موسڵمان پێی دەگاتە ئاستی ئەو کەسانەی بەیادکردنی زۆر خوای گەورە وەسفی کردوون لەوەڵامدا دەڵێت (ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو ویردانەی کەلە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەدروستیی هاتوون بەیانیان وئێواران لەکات و شوێنی جیاجیادا بەڕۆژو بە شەو ئەوە دەگات بەو پلەیە) .

**سێیەم** / ﴿إِن فِي خلْقِ السماواتِ والأَرضِ واخْتِلاَفِ اللَّيلِ والنهارِ لآياتٍ لِّأُولِي الألْبابِ* الَّذِين يذْكُرونَ اللّه قِياماً وقُعوداً وعلَى جنوبِهِم ....﴾(١٥) واتە بەڕاستی لەدروستکردن و بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و جیلوازی و هاتووچۆی شەوو ڕۆژدا

١١ / مدارج السالكين (٣١٧/٢) .

١٢ / المزمل

١٣ / الأحزاب ٤١-٤٢

١٤ / ابن كثير (٥٠٣/٣)

١٥ / آل عمران ١٩٠-١٩١

بەڵگـەو نیشـانەگەلێکی زۆر هــەن بـۆ کەسـانی ژیـر و خـاوەن ئـاوەز ، ئەوانـەی کەبەدانیشـتن و ڕاوەسـتان و ڕاکشـان (پاڵکەوتن)ەوە یادو زیکری خوا دەکەن ، موجاهید دەڵێت (هیچ کەسێك نابێت لەکۆمـەڵی (والذاكِرين الله كَثِيراً واﻟـ ذاكِراتِ ) هەتا بەبەردەوامیو بەوشێوەیە (قِياماً وقُعوداً وعلى جنوبهم ) یادی خوا نەکات .

**چوارەم**/ عن أبي موسى(ﷺ) عن النبي (ﷺ) قال " مثل الذي يذكر ربّه والذي لا يذكر ربّه مثل الحـيّ والميّـت " ([١٦]) واتـە : نمونەی ئەو کەسە کەیادی پەروەردگاری دەکات وەئەو کەسەی یادی ناکات وەك زیندوو مردوو وایە .

**پێنجەم** / ئەبو دەرداء بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە بەهاوەڵانی فەرموو "ألا أنبئكم بخير أعمـالكم وأزكاهـا عند مليككم وأرفعها في درجاتكم وخيرٍ لكم من إنفاق *الذهب* والوَرِق وخـير لكـم مـن أن تلقـوا عـدوكم فتضـربوا أعنـاقهم ويضربوا أعناقكم ؟ قالوا بلى : قال : ذكر الله تعالى "([١٧]) .

## ﴿ئاداب و پێویستییەکانی زیکرکردن﴾

دوای ئەوەی لەماناو فەزڵی زیکر کـردن تێگەیشـتین دەرکـەوت کـەزیکر کـردن ڕۆحـی هـەموو عیبادەتێك و کـارێکی خێـرە ، سەرەڕای ئەوەی بەڵگەی خۆشویستنی خوای گەورەیە لەلایەن بەندەکانیەوە ، پێویستە وەك هەموو عیبادەتێکی تر لـەنێوان ترس و تکادا بێت واتە بۆ وەدەستهێنانی پاداشت و ڕزگـار بـوون لەسـزا خـوایی ئـەنجام بـدرێت وەسـوننەت وایـە زیکرەکـان بەبێ‌دەنگی و بەخشوعەوە بخوێنرێت بەبێ هاوار هاوار و دەنگ بـەرز کردنـەوە بـەو شـێوەیەی کـەخوای گـەورە بۆمـان ڕوون دەکاتەوە ﴿ واذْكُر ربكَ فِي نفْسِك تضرعاً وخِيفَةً ودونَ الْجهرِ مِن الْقَولِ بِالْغدو والآصال ولاَ تكُن من الْغافِلِين﴾ الأعراف ٢٠٥ .

واتەیادی پەروەردگارت بکە سەر لەبەیانیان و دەمەو ئێواران لەلایەن خۆتەوە بەترس و تکاوە ، بەنهێنی و بەبێ‌دەنگی وەلـە کەسانی غافڵ بێ ئاگا مەبە ، هەر بۆیە کاتێ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاریان کرد : أقريب ربّنا فنناجيه أم بعيد فنناديـه ؟ ئایا پەروە ردگاری ئێمە نزیکە بە چرپە و بـێ دەنگـی لـێ ی بپاڕێینـەوە یـان دوورە و هـاواری لێ بکـەین ؟ لەوەڵامـدا خـوای گەورە ئەم ئایەتە پـیرۆزەی دابەزانـد ﴿وإِذَا سأَلَك عِبادِي عني فَإِني قَرِيب أُجِيب دعوةَ الداعِ إِذَا دعانِ ......﴾ البقـرة (١٨٦) .واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر بەندەکانم پرسیاری منیان لێ کردیت ئەوا پێ یان رابگەیەنە کەمن نزیکم (واتە بە بیسـتن و بینین ) وەڵامی پارانەوەو نزاکانیان دەدەمەوە ئەگەر داوام لێ بکەن . وەباشتر وایە ئەوکەسە ڕوو لە قیبلە بێت لـەکاتی ویـرد خوێندن و لاشەو بەدەن و جل و بـەرگی پـاك و بـۆن خـۆش بێـت چـونکە ئەمانـە لـە چـالاکی نـەفس و بـەدەن زیاددەکـەن ، وەئەگەر بەو شێوەیەش نەبێت ئەوا ڕێگر نی یە لەخوێندنیدا .

## سوودو بەرهەمەکانی زیکر –فوائد الذكر –

ئیبن و( القيّم ) ڕەحمەتی خوای لێبێت لەکتێبی (الوابل الصيّب) دا باسی نزیکەی سـەد لـەم سـوودو بەرهەمانـەمان بۆدەکـات کەئەمەی خوارەوە هەندێکن لەو سوودو بەرهەمانە :

١.خوای گەورە دەفەرموێت ﴿فَاذْكُرونِي أَذْكُركُم ﴾، خوای گەورە یادی ئەو کەسە دەکـات کـەیادی بکـات ، وەجیاوازییـەکی زۆریش هەیە لەنێوان یادی بەندەکان بۆ خوا وەیادی خوا بۆ بەندەکان لەکاتێکدا کە ئەو بێ‌پێویستە لەهـەموو کەسـێك ئەمـە نیشانەیە لەسەر گەورەیی و بەڕێزی ئەم عیبادەتە لای خوا ،

خوای گەورە لە حەدیسێکی قودسیدا دەفـەرموێت " أنا عند ظن عبدي بي وأنا معه حين يذكرني فان ذكني في نفسه ذكرتـه في نفسي وإن ذكرني في ملاء ذكرتـه في مـلأء خـير منـه ....." الحـديث . رواه البخـاري ومسـلم .واتـە : مـن بـەپێی گومـانی

---

[١٦] /رواه البخاري في كتاب الدعوات .(رقم:١٥٠٠)

[١٧] / أخرجه الترمذي (٣٣٧٧) وهو حديث صحيح .

بەندەکەمم([١٨]) وەمن لەگەڵ ئەوم (بەبینین وبیستن) کاتێ یادم دەکات ئەگەر یادم بکات لەنەفسی خۆیدا ، ئەوە منیش یادی دەکەم لەنەفسی خۆمدا ، وەئەگەر یادم بکات لەناو کۆمەڵێکدا ئەوا یادی دەکەم لەناو کۆمەڵێکی باشتر لەئەوان کە (بریتین لەفریشتەکان) .

٢.(المحافظة على الأيمان ) یەکێکە لە هۆیەکانی پاراستنی ئیمان و بنیاتنەرەکانی ، چونکە لەسیفەتەکانی ئیمان ئەوەیە زیاد و کەم دەکات (يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية) بەهەموو پەرستش و خێرو چاکەیەك بەرز دەبێتەوە ، وەبەسەرپێچی و تاوان کەم دەکات ،

٣. زیکر کردنیش یەکێکە لەباشترینی عیبادەتەکان (هەروەك لەپێشەوە باسکرا) .

٤.پارێزەرە لەشەیتان و جنۆکە (المحافظة من الشياطين والجن) بەخوێندنی ئایەتی کورسی و دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی( البقرة) لەکاتی چونە سەرجێگەداو خوێندنی ویردی ئێوارەو بەیانیان و قورئان خوێندن بەشێوەیەکی گشتی و سورەتی (البقرة ، آل عمرآن) بەتایبەتی موسڵمان پارێزراو دەبێ لەزیانی شەیتان و جنۆکەکان بەپشتیوانی خوای میهرەبان .

٥.هۆی لێخۆشبوون و ڕەشبوونەوەی تاوانە ( سبب مغفرة الذنوب ) قال الله تعالى ﴿يا أيها الذين آمنوا اتقُوا الله وقُولُوا قَولاً سدِيداً * يصلِح لَكُم أعمالَكُم ويغفِر لَكُم ذُنوبكُم ومن يطِع الله ورسولَه فَقَد فَاز فَوزاً عظِيماً﴾(الأحزاب ٧٠-٧١) .

واتە : ئەوانەی کەبڕواتان هێناوە : خۆپارێزی بکەن و لەخوا بترسن وەقسەو گوفتارێکی ڕاست و باش بڵێن ، خوای گەورە کردەوەکانتان بەرەو باشە دەبات و لەگوناهەکانتان خۆش دەبێت( عیکریمە) دەڵێت (القول السديد) بریتییە لە{لا إلـه إلاّ الله} دابەزینی ئارامی و دڵنیایی و ڕەحمەت (نزول السكينة والرحمة) ، قال رسول الله (ﷺ) " لا يقعد قومٌ يذكرون الله إلا حفّتهم الملائكة وغشيتهم الرحمة ونزلت عليهم السكينة وذكرهم الله فيمن عنده " رواه مسلم . مانای فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کەهەرکۆمەڵێك دابنیشن زیکری خوا بکەن ، فریشتەکان چواردەوریان دەگرن ، وەبەزیی و ڕەحمەت و ئارامی دایان دەپۆشێت و خوای گەورەش مەدح و سەنایان لای فریشتەکان دەکات ، بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵانەی لەسەر تاوان کۆدەبنەوە لەکۆڕەکاندا شەیتانەکان دەوریان لێ دەدەن و تورەبوونی خوا چاوەڕێیان دەکات و خۆشیان دڵەڕاوکێ و نائارامیدا دەژین ، ئەگەر موسڵمان لەکاتی تووش بوونی بەموسیبەت و بەڵاو ناڕەحەتی بەردەوام بوو لەسەر زیکر کردن زایتر هەست بەو دڵنییایی و ئارامی و جێگیر بوونە دەکات و دڵ و دەروونیشی لەو کاتەدا زیاتر پێویستی پێیەتی ، وەئەگەر سەرەنجی ئەو ئایەتانە بدەین کەباس لەوە دەکەن زۆربەیان لەکاتی تەنگانەو موسیبەتدا دابەزیون بۆنمونە لەگەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) وەهاوەڵانی لەحودەیبییە ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی [هو الذي أنزلَ السكِينةَ فِي قُلُوبِ الْمؤمِنين لِيزدادوا إيماناً مع إيمانِهم]([١٩]) لەبەر ئەوەی ئەم گەڕانەوەیە لەسەر دڵی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر گران بوو .

وصلى الله وسلّم على محمد وعلى آله وصحبه ومن والاه إلى يوم الدين

**سەرچاوەکان**


**١.مدارج السالكين لابن القيم الجوزيّة**

**٢.تفسير ابن كثير**

**٣.فقه السنة لسيد سابق**


---

[١٨] / واتە ئەگەر پاڕایەوە لێم و گومانی وابوو لێی قبوڵ دەکەم ئەوا لێی قبوڵ دەکەم ، وەئەگەر داوای لێخۆشبوونی لێکردم و پێی وابوو لێی خۆش دەبم ، ئەوە لێی خۆش دەبم .......وە بەم شێوەیە .......

[١٩] / سورة الفتح ٤